# به یاننامەی ریکخراوی ئازادی ژنانی کوردستان نینا
# به بۆنەی دووهەمین ساڵیادی دامەزرانی

ژنانیزۆر لێکراوی کوردستان!

ئازادیخوازانی گەلەکەمان!

دوو سال لەمەوبەر ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٢، ڕێکخراوی ئازادی ژنانی کوردستان "نینا" لەلایەن کومەلێك لە ژنانی تیکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستانی رۆژهەلاتەوە لەدایك بوونی خوی راگەیاند و پێی نایە مەیدانی بزووتنەوەی حەق خوازانەی ژنان و وێرای ڕێکخراو و کۆمەڵە و دامەزراوە دیموکراتی و ئازادیخوازەکانی دیکەی ژنانی کوردستان، بە کومەلێك پێشنیار و خەرمانێك لە هزر وبۆچوونی پێشکەوتنخوازانە، لە ئاستی تواناو بەپێی بارودۆخی ڕێکخراوەیی دەستی بە خەبات و تێکوشانی خۆی کرد.

وەك لە بەیاننامەی دامەزرانی ڕێکخراویی ئازادی ژنانی کوردستان "نینا" بە وردی باسی لێوەکراوە، دروشم و ئامانجەکانی ڕێکخراوی نینا ویست وداخوازی راستەقینەی ژنانی زۆرلێکراوی کوردستانەو بانگەشە بۆ یەکریزیی ژنانی کوردستان لە چوار چێوەی پلاتفورمێکی پێشکەوتنخوازی نەتەوەیی دەکا کە ماف وئەرك و ئازادییە تایبەتییەکانی ژنان لەگەڵ پیاواندا هاوسەنگ کراو وپارێزراوە .

بانگەشە بۆ نەهێشتنی سەرجەم ئەو یاسا و نەریتانەی بە سەر ژیانی ژناندا سەپاوە و بەشێکیبەرچاو لەماف و ئازادییە کانیان پێشیل دەکا و خەبات لەپێناو باشترکردنی باری ژیان و گوزەرانی ژنانی کوردستان لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا و چەسپاندنی سەرجەم ئەو ماف و ئازادی یانەی لە راگەیاندراوی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا بۆ ژنان بەرەوا بینراوە و هەروەها بەربەرەکانی و بنبر کردنی دیاردەی ناشارستانی لێدان و زەبروزەنگ دژ بە ژنان و بانگەشە بۆ پتەوکردنی رۆحی خۆشەویستی و لێبوردویی لە نیوان ژن و رەگەزی بەرامبەردا و هەموو ئەو یاسا و ڕێو شوێنە ئینسانیانەی ریگە بۆ دیموکراتیزە کردنی پێوەندی ژن و پیاو و دابین کردنی ماف و ئازادییە رەواکانی ژنان خوش دەکەن. لە دروشم و ئامانجە سەرەکیەکانی ڕێکخراوی ئازادی ژنانی کوردستان "نینا" یە.

ژنانی ستەمدیدەی کوردستان

ئازادیخوازانی خەباتگێر:

پاش چارەکسەدەیەك دەسەلاتداریێتی نیزامی ئاخوندی بەسەر ولاتەکەماندا، جیا لەو بارودوخە سیاسی ، کۆمەلایەتی ، ئابوورییەی بەگشتی هەل و مەرجی ژیانی گەلانی ئێرانی لە قەیرانێکی هەمەلایەنە خستووە،دۆخی راستەقینەی ژیانی ژنانی ولاتەکەمان رۆژ لە دوای رۆژ بە پەرەگرتنی دیاردەو و نەخۆشیە کۆمەلایەتیەکان لە سایەی دەسەلاتی نیزامی ئاخۆندیدا بەرەو کارەسات دەچێ و دواکەوتوویی و فەساد و خۆکوژی و ئێعتیاد و دەیان دیاردەی قیزەونی دیکەی کۆمەلایەتی بەربینگی ژنان و کچانی گرتووە و تەنگی پێ هەلچنیون.

لەلایەکی دیکەوە بۆ بەربەرکانی لەگەڵ نیزامی دواکەوتووی ئاخوندی هاوکات لەگەل پەرەگرتنی بێ سنووری زولم و زۆر و بەشمەینەتی بۆ گەلانی ئێران و ژنان بەتایبەتی، بزوتنەوەی ئازادیخوازی خەباتگێرانی گەلەکەمان لە ناوخو و دەرەوەی کوردستان لە شکلْ و شێوەی گونجا و جوّرا و جوّردا روو لە گەشە و هەڵدانێکی بیٚوێنەدایە و جولانەوەی

ژنانی کوردستانیش چۆن بە درێژایی مێژوو ڕۆڵیخۆی لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا گێراوە، ئیستاش بەشێکی جیانەکراوە و گرینگ لەو خەباتە سەراسەری و نەتەوەییەن.

ئەمرۆ ژنانی ڕۆشنبیر و خەباتگێڕی گەلەکەمان پێشەنگ و ئالا هەڵگری ئەو خەباتە ڕەوایەن؛ خەباتێك کە ماف و ئازادییە تایبەتیەکانی ژنانی گرێداوە لەگەڵ خەباتێکی نەتەوەیی لە پێناو دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی گەلەکەمان، لەبەر ئەوی دابین کردنی ماف و ئازادییەکانی ژنان بە بێ هاتنەدی ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلەکەمان هیچ کاتێك دەستەبەرنابێ.

خەبات بۆ دابین کردنی مافی ژنان شکڵ و شێوازی بەرفراوانی یاسایی بە خۆوەگرتووە و جیا لەو خەباتەی ساڵهایە ژنان لە ناوخۆی وڵات دژ بە نیزامی ئاخوندی وەرێیانخستووە، لەئاستی دەرەوەشدا و پشتگیری کومەڵگای پێشکەوتووی مروڤایەتی و کۆڕ و کۆمەڵ و ناوەندە مرۆڤــ دۆستەکان و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی ژنان کۆماری ئیسلامی لە ژێر گوشارێکی بێ وێنەدایە.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەو بارە سیاسیەی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراستی تەنیوەتەوە و دروشمەکانی جێگیرکردنی دیموکراسی و دابین کردنی مافەکانی مروڤــ و بنبرکردنی تێروریزمی دەوڵەتیی، لە ئامانجە هەرە سەرەکیەکانی ڕەوتی ئاڵ و گۆڕەکان لە ناوچەکدان، بی گومان لە داهاتوویەکی نزیکدا نیزامە دیکتاتورەکانی دیکەی ناوچەکە، یەك لەوان کۆماری ئیسلامی سیما و دەسەلاتی سیاسییان دەکەوێتە ژێر چەرخی ئالاٌ و گورەکان و لاپەرەیەکی نوێ لەژیان وئاسۆیەکی گەش لەبەردەم ژیانی داهاتووی گەلان بە گشتی و ژنان بەتایبەتی دێتە پێشەوە.

لە بارودۆخێکی ئەوتودا ئەرکی ژنانی شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕی گەلەکەمان و هەروەها ڕێکخراو و کۆمەڵە و دامەزراوە دیموکراتیەکانە کە بە فورمۆلە کردنی ویست و داخوازە ناسراو و ڕەواکانی ژنان و یەکخستنی تواناکانیان و پێك هینانی قەوارەیەکی یەکگرتوو تین و گوڕێکی پتر بەو خەباتە ڕەوایە بدەین و تا وەدیهاتنی ماف و ئازادییەکانمان لێبراوبین لە پێناو دابین کردنیان.

ڕێکخراوی ئازادی ژنانی کوردستان "نینا" لە دووهمین ساڵوەگەری دامەزرانی پیرۆز بایی گەرم پێشکەشی سەرجەم ژنانی کوردستان و تێکرای تێکۆشەرانی ڕیزەکانی ڕێکخراومان دەکا و ئاواتی سەرکەوتن لە خەباتمان بۆ دەستەبەر کردنی ماف و ئازادیەکانمان دەخوازێ.

بێتەدی مافە ڕەواکانی ژنانی کوردستان

بەرقەرار بێ ئاشتی،ئازادی، یەکسانی

**ڕێکخراوی ئازادی ژنانی کوردستان "نینا"**

**٣١ی خاکەلێوەی٢٧٠٤**

**٢٠ی ئاوریلی٢٠٠٤**

www.kurdistanenet.org